# ٢٤ کاتژمێر پێرفۆرمانس

هونەرمەند ڕەنج حیکمەت

**نووسینی: ئاڤان سدیق**



١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦ شێوەکاری

ڕەنج حیکمت لە ڕێککەوتی ٢٦/٩/ ٢٠٢٦ دا، کارێکی پێرفۆرمانسی لە ژێر ناوونیشانی (٢٤ کاتژمێر پێرفۆرمانس) بە ئەنجام گەیاند. لە سەربانی بەڕێوبەرایەتیی ڕۆشنبیری کە دەکەوێتە ناو پانتاییی کارگەی کلتوورەوە. دەکرێت بڵێین سەربانی یەکێک لە باڵەخانەکانی کارگەی کلتوور لە شاری سلێمانی.

پێکهاتەی کارەکە:

١/ دیوارێکی کۆنکرێتی لە شێوەی پیتی (T) ڕێنووسی زمانی ئینگلیزی دروست کراوە.

٢/ سەقفێکی هەیە پێک دێت لە سەربانێکی بچووک کە تەنکیەکی ئاو، توالێتێکی (ڕۆژهەڵاتی کە بەپێچەوانەوە قاڵبکراوە بە بنمیچی سەقفەکەوە) کە دەلاقەی توالێتەکە کراوەیە و بە هیچ بۆڕیەکی ئاوەڕۆوە نەبەستراوەتەوە.

٣/ بەشـــی پێشـــەوەی دیوارەکە (توالێتێکی ڕۆژئاوایی، گڵۆپێک، پەیژەیەکی ئاســـن) پێوە جێگیر کراوە. دیوارێکی تر بەشـی پشـتەوەی دیوارەکەی کردووەتە دوو بەشـەوە. بەشـی یەکەم بۆری دووشـەکەی بەشێوەیەکی (ناجۆر) دەچێتە سـەر بانێوەیەکی خۆشـووشـتنەوە و عەلاگەیەک کە خاولی پیاهەڵواسـراوە. بەشـی دووەم کە دەکەوێتە ژێر سـەربانی تەوالێتە ڕۆژهەڵاتییەکە بۆری بێ بەلوعەی پێوەیە لە کاتی بەردانەوە ئاوی بەخوڕی لێ دەڕوات.

٤/ قەرەوێڵەیەکی ئاسن.

٥/ جەسـتەی پێرفۆرمەر، کە ماوەی ٢٤ کاتژمێر بێ ئەوەی هیچ بەرکەوتنی ڕاسـتەوخۆی لەگەڵ بینەرەکانی هەبێت، ژیانی خۆی لەگەڵ ئەو شوێنە دروستکراوەدا دەکات.

میز دەکات، گوو دەکات، خۆی ڕووت دەکاتەوەو خۆی دەشـوات، دەخەوێت، پاڵ دەکەوێت. ئەم کردانە لە ماوەی دیاریکراوی پێرفۆرمانسەکە دووبارە دەکاتەوە.

بەدەر لە پێرفۆرمانسـەکە پێکهاتەی ئەم کارە کۆنکرێتییە دروسـت کراوە بۆ خۆی دەکرێت وەک ئۆبجێکتێکی سـەربەخۆی هونەری تەماشـا بکرێت. لەلایەکی تریش دارشـتن و پێکهاتەکەی لە خزمەت خسـتنەڕووی ناوەڕۆکی بیرۆکەکەدایە و لەگەڵ هەڵسـوکەت و بەکارهێنانیدا واتای جیاوازتر وەردەگرێت.

ئەوەی جێی سـەرنجە سـەرەتای بیرۆکە و ئیلهامی ئەم کارەی لە هەمان ئەوشـوێنانە بیری لێکراوەتەوە کە لەناو (توالێت، گەرماو، جێگەی خەو) لە فەزای ناوماڵدا.

کردەکان جیاوازی لە واتادا دروست دەکەن کاتێک فەزای داخراوی ناو (ماڵ دەگوێزریتەوە فەزای کراوە یان ڕاومی کلتووری.

چەمکی شـوێن دەبێتە بابەتێک لە هەناوی کار و گۆڕانکاری بیرلێکردنەوە لە خودی کردار و هەڵسـوکەوتەکان کاتێک شـوێنەکانیان دەگۆڕێت. بەتایبەتیش سـەربانی دوو دامودەزگای گرنگی کلتووری لە ناو شاردا دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

به واتایەکی تر، هونەرمەند ڕەنج حیکمەت سنوورەکانی نێوان هونەر و ژیان کاڵ دەکاتەوە و خودی ژیان بەو شـوێنانەی پێمان وایە سـادەیە وەک توالێت، گەرماو، قەرەوێڵەی خەو دەکاتە پرسـیارێک کە پەیوەندی بە واتای کلتوورەکەوە لە چوارچێوەی کارەکەیدا پێکەوە دەبەسـتێتەوە، ڕۆتینەکانی ژیانی ناو ماڵ وەک نموونەیەکی بچووککراو لەگەڵ وێنە گەورەکەی کۆمەڵگا لە کۆنتێکستێکی ئەم پێرفۆرمانسـەدا پێکەوە دەبەسـتێتەوە. هەر ئەو سـوورانەوەیەی بینەر بە دەوری ژیانی ٢٤ کاتژمێری کەسـێک لە شـوێنێکی کراوە لە ڕاسـتیدا تیشـکخسـتنەسـەر ڕۆتینەکانی ناوەوەیە کە هاوکات لە دەرەوەش خۆی نمایش دەکات و ماڵ و کۆمەڵگە و کلتوور بەرهەم دەهێنێت.

هونەرمەند ڕەنج حیکمەت خۆی دەڵێت: لەناو ئەو سێ جێگەیەی ماڵدا جەسـتەی لەڕووی بـایۆلۆژییەوە لە ئـارامیترین دۆخیـدایە (هێمنە، وردە، قووڵە، ڕوونە، تەنهـایە) لە بیرکردنەوەکانیدا.



ڕەنج حیکمەت، ٢٤ کاتژمێر پێرفۆرمانس لە سـەربانی کارگەی کولتوور/ سـەربانی بەڕێوەنەرایەتیی ڕۆشـنبیری، لە ڕێککەوتی ٢٠٢٦/٩/٢٦، فۆتۆ: هێمن کاکەیی، سـەنگەر عەبدوڵا، ناز حەکیم. چاککردنی فۆتۆکان: بنار تاهیر.

هەریەک لە فەزا، کە (ماڵە) لەگەڵ کەرەستەکانی وەک (تەختی خەو، توالێت، گەرماو) هەریەک لەمانە لە شوێنە واقعییەکەی خۆیاندا (کاریان) هەیە کە کاریگەریی ڕاستەوخۆ لە جەستەی بایۆلۆجی دەکات و بەوهۆیەشەوە کاریگەری لەسەر ئارامی و بیرکردنەوەوە دادەنێت، وە هەریەک لە کردەکان لە ڕووی سایکۆلۆجی و فەلسەفییەوە واتای تایبەت بەخۆی هەڵدەگرێت، بۆ نموونە تەختی خەو: کاتێک کە باسی تەختی خەو دەکەین، زیندەخەو (نێوەند) هەیە لە ئاگایی و نائاگاییدا ناکرێت ئەو بەشەی پەیوەستە بە مەسەلەی ئاگایی و نائاگاییەوە فەرامۆش بکەین، کە کردەی هونەری خۆی بەرهەمهێنراوی ئەو نێوەندەیە. نیوە ئاگایی یەکێکە لە باسە گرنگەکانی فەلسەفە و ڕەخنەی هونەری و بەرهەمهێنانی هونەری، کە لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە، سیگمۆن فرۆید پێی وابوو کە هونەرمەند ئارەزووە سەرکوتکراوە شاراوەکانی ناخودئاگا دەگۆڕێتە سەرکاری هونەری تا پەسەندکراو بێت لەلایەن کۆمەڵگاوە.

هونەرمەند ڕەنج حیکمەت لە کارەکەیدا جەختی لەسەر پەسەندکردنی کۆمەڵایەتی نییە هێندەی جەختی لەسەر بەرەڵاکردن و ئارەزووی ڕووبەڕووبوونەوە هەیە، بەرامبەر دابونەریت و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان. خۆڕووتکردنەوە و خۆشوشتنەکەی نمایشێکی (ئێرۆتیکییانە نییە هێندەی ئارەزوویەکە بۆ ئازادکردنی ئارەزووی ڕووبەڕووبوونەوە. میزکردن بە نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لە سەربانی دامودەزگای کلتووری و شکاندن و داڕماندنی ئەو دیوارانەیە کە کلتوور دروستی کردووە. لەو نێوەندەشدا پێشاندانی ئەو ڕۆتینە بێ بەهایانەیە کە ژیانی سادەی قورستر کردووە و بۆتە بارگرانی وەک بەردانەوەی ئاوی بەلوعەی خۆ شوشتنەکە لە سەربانەوە.

توالێت: لە ڕوانگەی دەروونشیکارییەوە پاشەڕۆ دەرکردن تەنها کردارێکی بایۆلۆجی نییە، بەڵکوو پەیوەندیی قووڵی بە گەشەی دەروونی مرۆڤەوە هەیە. لای لاکان، پاشەڕۆ دەباتە ئاستی سمبۆلی. گووکردن جیاکردنەوەی شتێکە لە جەستەی خۆت، کە پێشتر خۆراک بووە و بەچێژ بووە لە ڕابردوودا، بەڵام ئێستا بۆتە شتێکی بێزارکەر کە دەبێت لە جەستە بێتەدەرێ، ڕزگارمان بێت لێی. مانەوەی لە جەستەدا پیسە، بێزارکەرە، دەکرێت وەک یەکەم ئەزموونی مروڤ لەگەڵ چەمکی لەدەستدان سەیر بکرێت.

سلاڤۆ ژیژەک شێوەی ئاودەستەکان دەبەستێتەوە بە ئایدۆلۆژیاوە و دەروونشیکاری کۆمەڵگەکان کرداری گووکردن ڕەفتاری بەرامبەر پاشەڕۆ شتێکی بێمانا نییە لەوێوە لە کۆمەڵگە تێدەگەیت چۆن مامەڵە لەگەڵ شتە پیس و نەویستراوەکانیدا دەکات. بۆچوونەکەی

ژێژەک یـارمەتیمـان دەدات بۆ خوێنـدنەوەی هەردوو جۆرەکەی توالێتی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی لە کارەکەی ڕەنج حیکمەتدا .

ڕەنج حیکمەت دوو جۆر توالێتی داناوە توالێتی ڕۆژئـاوایی و کە وەک خۆیەتی لەســـەر زەوی جێگیرە و شـــوێنی خەزنی شـــاراوەی هەیە کە دەکەوێتەوە ناو شـــوێن کە ماڵە دروســـتکراوەکەیە، وەکوو هەڵگرەوەی بەرهەم کە دەچێتەوە هەمـان ژێرخـانی مـاڵ، بە پێچەوانەی توالێتە ڕۆژهەڵاتییەکە کە پاشـەڕۆی لەبەری دەڕوات و ناچێتە هیچ شـوێنێک و هیچ جێگەیەک لەناو ماڵدا لەخۆی ناگرێت تەنانەت ئاوەکەش کە پاشـەڕووکە پاک دەکاتەوە هەر بەخورِ لە بەری دەڕوات، کە زۆر لەگەڵ مـامەڵەی ڕۆژهەڵاتیـدا یەک دەگرێتەوە لەمامەڵەکردنی لەگەڵ شـــتە نەویســـتراوەکانی ناو هەناوی کلتووری خۆی. لە کاتێکدا لە کۆمەڵگەی ئێســـتای ئێمەدا هەردوو جۆرە توالێتەکە لە ژیانی ڕۆژانەمـاندا بوونی هەیە، لێرەوە پرسە کۆمەڵایەتییەکانی ناو هەناوی کۆمەڵگە دەچیتە ژێر پرسیاری قووڵ لە خۆی.

ئەم کارەی ڕەنج درێژکراوەی هەمان بیرۆکەی هەپێنینگ و فلوکسـوسـە کە دادای لەسـەر دامەزراوە و هونەری پێرفۆرمـانســیش بەشـێکی گرنگە لێی، لە بنچینەدا هونەری پێرفۆرمانس، دژی دامودەزگا و بازاڕی هونەرییە کە کردەیەکی کاتییە و لە سات و شوێنی



تایبەتدا ڕوو دەدات و توانای هەیە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بینەردا دروست بکات، هونەر و ژیان لەیەک کات و شویندا پێکەوە دەبەستێتەوە.

لای خودی هونەرمەند ڕەنج حیکمەت، هونەری (خۆکار) وەک پێرفۆرمانسەکەی کە بەشێکی گرنگی کارەکە ڕێگەدانە بە پەیوەندیی نێوان خودئاگایی و ناخودئاگایی، هەوڵ دەدات ڕەوتی ئەقڵ دەستەمۆ بکات تا پانتایی بۆ ناخودئاگایی زیاد بکات و ئازادانە کار بکات، یان بیرۆکەکە پێچەوانە بکاتەوە، خاڵێکی تری گرنگ لەم کارەدا کە جێگەی هەڵوەستەکردنە لەم کات و شوێنەدا. خۆ ڕووتکردنەوەی تەواوە لەکاتی خۆشوشتنەکەیدا کە جووڵەیەکی ڕادیکاڵانەیە و یەکەمین جارە لەم پارچەی ژیانی ئێمەدا هونەرمەندێک بوێری خۆڕووتکردنەوەی تەواوەتی هەبێت لە بەرچاوی بینەردا، کە من وەک خۆم زیاتر وەک خۆداماڵین و خۆشوشتنەوەیەکی ئاگامەندانە لە کلتوور دەیبینم تاوەکوو جل داکەندن و ڕووتبوونەوە.

ڕەنج حیکمەت پێش وەخت ئامادەکاری کردووە، کە سێ پانتاییی ماڵێک لە سەربانی باڵەخانەیەک لەژێر ناوی کلتووردا دووبارە بکاتەوە وە بڕیاریشە لەو سەربانە ژیانی خۆی بکات لەو٢٤ کاتژمێرە کە پێویستی کرد (میز بکات، گوو بکات، خۆی ڕووت بکاتەوە، خۆی بشوات و بخەوێت). بەڵام نازانێت لەو پانتاییە کە ماڵ نییە کە تەنها نییە کە سەربانی



شـــوێنیکی بەناو کلتوورییە، چی چاوەڕوانی دەکات هەر ئەوە جەســـتەی بایۆلۆژی ئەو ڕووبەڕووی چی دەبێتەوە؟ (فشار یان ئارامی یان هیچیان هەوڵی هاوسەنگی؟).

لێرەوە ئەوەی ڕوو دەدات لە ژێر کۆنترۆڵ و پلاندا نییە. جەســـتە دەبێتە لابوورێک بۆ ڕووبەڕووبونەوە و بەرکەوتن بەوی تر، جا ئەگەر ئەوی تر نا خۆدئاگایی بێت یان بینەر بێت یان کەش و هەوا.

لێرەوە گەورەترین خاڵی جیاکەرەوە خودی (ئاتموسفیر، جێگەیە) کە پێرفۆرمەر چێتر تەنها نییە، لە ڕاوەمێکی نادڵنیایدایە، ئەوی تر بوونی هەیە.

مەبەست لەوی تر بینەرە. بینەر بەشێکی گەورەی لە بەشداربوون لەوپانتایەدا بەردەکەوێت، ئەگەر چی بەشداری چالاکی ڕاستەوخۆشی نەبێت، هەرجەندە ڕەنج حیکمەت هەوڵ دەدات بینەر کاریگەری بەســەر جووڵە و ڕەفتارییەوە نەبێت، وەک بینەر تێبینی ئەوەم کرد کاتێک دیوار لەوێدا نییە مرۆڤ هەوڵی دروســتکردنی دیواری تر دەدات تا پارێزراو بێت، دیواری نەبینراو لە دەوری خۆی دروســـت دەکات بە دابڕینی خۆی لەوانی تر لە (کۆمەڵ) تـا هەڵسوکەوتی نەبێتە پەرچەکرداری ئەوانی تر و بە ئارامی لە ژیانە سادەکەی بژیت.

ڕەنج حیکمەت، کەشـــێکی بیزارکەری مرۆڤ بەرجەســـتە دەکات کە تەمبەڵە، بە جێگەوە نووســانە، ڕۆتینی کوشــندە، بێکاری و هەمیشــە دووبارەکردنەوەی ڕۆتینەکانی ژیان. ماڵ وەک وێنەیەک بۆ ئارامی و لە هەمان کاتیشــدا وێنەی پێچەوانەکەیەتی. دووبارەبوونەوە و ڕۆتین لەلایەک و تەنهاییەک کە مرۆڤ ڕاپێچی بیرکردنەوەی قووڵ دەکات لەلایەکی تر دەژێنێت.

بە پێچەوانەشـەوە کە  بەبێ بەرکەوتن بە دونیای دەرەوە خۆجوینەوەو خۆخزانە ناو جێگە واتە هەوڵ دەدات ئارامی و پێجەوانەکەشی بخاتە ژێر پرسیار و گومانەوە.

ڕەنج حیکمەت پەیوەندی لەگەڵ بینەر ناکات، قسـە ناکات، هەوڵ دەدات سـەرنجیش لەسـەر کەس دانەنێت تا هاوسـەنگی خۆی بپارێزیت، ئەو هەستەوەرەکانی کە بە دونیای دەرەوەی دەبەستێتەوە خۆی لێ داببڕیت. ئەو هەوڵ دەدات ئێمەی بینەر بەرێتە ناو دونیای کارەکەی.

بینەر بە دەوری ژیانی ٢٤ کاتژمێری و ماڵە دروســـتکراوەکەیدا دەســـووڕێنێتەوە کە ئۆبجێکتێکی چوارلا کراوەیە، ئەمەش بابەتێکی ســـەرنجڕاکێشـــە کە لە ئێســـتای گەشـــەی کۆمەڵایەتیدا مرۆڤ بە تەماشـــاکردنی ژیانی ئەوانی ترەوە ســـەرقاڵە وەک بیرۆکەی بیگ

برازەر کە بینەرەکان ئامادەییان هەیە چەندین کاتژمێر بەدیار ژیانی کەسانی ترەوە بەسەر ببەن.

بە گشتی بیرۆکەی کارەکەی لە (نێوان)دا کار دەکات

ئارامی (و)  دڵەراوکە

تەنهایی (و) ئەوی تر

ڕۆژهەڵات (و) ڕۆژئاوا

ئاگایی (و) نائاگایی

دامەزراوە (و) دژەدامەزراوە

دابونەرێت (و) دژە دابونەریت

تەمبەڵی (و) چالاک





